# كه بيرت دهكهم

★ كاوهى خهسرهوكاوانى ★



كاتێك كه بيرت دهكهم و
ناتوانم بێمهديدارت ,
يان به چاتێك بمهوێت گوێ بيستت ببم
يان بشكێنم تاسهى تێنووهتى روخسارت ,
ئهوا جگه له خهياڵم
هيچى ترم دهست ناكهوێ
بهئاسانى بفرِێ بۆلات ,
خۆشم دهوێ ى
من دهمهوێت باوهشى خۆم
بۆتۆبكهم به ئارامگاو دوايين وهڵات ,
خۆشم دهوێ ى
بهرزترلهبالآى ئاسمان
لهياساى عيشق بێ سنوورتر,
خۆشم دهوێ ى
له پێكهاتهو له ماناى ووشهى دووردوورتر,
تۆ نازانى كه ههوێنى رۆحهكهى من
بهيهك يهكهى پيتهكانى
خۆشهويستى تۆ كراوه....؟
تۆ نازانى تاكوماوم
عيشقت بۆ شهوهزهنگى ژين
رووناكايى خۆرهتاوه...؟